115
ژمـــــاره
مانگانەیەکی کاریکاتێرییە
ساڵی شەشەم ژمارە(١١٥) ٢٥/٨/ ٢٠١٠
بەکاتی رەمەزان و گرانی تاساندمی

ئاخ لەمن و ئاخ لە کێ؟ ئاخ کارەبای چاوشارکێ.. تائێستاش کەس نازانێ.. بەغدا دەدرێتە دەست کێ!
تللی تللی تلیلیلە.. سوتا ڕەزو بەرسیلە.. ئاگرکەوتنەوەی هۆتێل.. حەتمەن فیتی بەخیلە!
ڕەمـەزان و گـرانـی.. کردمیـان بە بریـانـی.. بـازاڕو بـازرگـانـی.. بۆتە پاشاگەردانی!

سوبعەت تاسەر ئێسقان www.gep-media.com




عێراق.. حکومەتێکی ئاڕاستەکراو



ئینتەرنێت لە کوردستان
کاریکاتێری ئارام کەلاری..ل٢٥

# ڕەووف خەتیبی..

## تەمەنێکی هونەری کورت و بەرهەمێکی ناوازەی کاریکاتێر..



محەمەد قادر

گەنجێکی هێمن، زۆر ئارام و زۆریش بەئاکارو ڕەوشت، بەڵام بەقەد هێمنییەکەی بێدەنگ، بێدەنگ لە دانیشتن بێدەنگ لە هەڵسوکەوت، بێدەنگ لە قسەو بێدەنگ لە نیگارو کاریکاتێر و دیزاین، بێدەنگییەکەی ئەو بەشێک بوو لە سروشتی ژیان و بوون و کەسایەتی و شوناسی، بێدەنگتر لە بێدەنگیش ژیان و هونەر و کاریکاتێر و گەپ و نیشتمان و ڕۆژنامەگەریی بەجێهێشت، بەڵام ئەرشیف و یادگارێکی هونەریی و مرۆیی زیندوانەی پێ بەخشین.

ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٥ بوو، لە ژوورێکی ڕۆژنامەی خەباتدا گۆڤاری (گەپ)مان دەردەکرد، گەنجێکی بێدەنگ خۆی کرد بەژوورا، بە نەرمی سڵاوی کرد و چەند کارکاتێرێکی لە فایلێکدا نیشاندااین، هەرچەندە ئەو کات تەکنیکی زۆر



باش نەبوو، بەڵام بە سەلیقەو پڕ حەزبوو بۆ ئەو کارە، هەندێکم بڵاوم کردنەوە، پاش ٢ هەفتە سەردانی کردینەوە، بەڵام ئەمجارە بە چەندین بەرهەمی گەورەتر لە تەمەنی خۆیەوە، ئەمجارە سەرسام بووم بەو پێشکەوتنەی لەو ماوەیەدا بینیویەتی، لەوێوە ڕەوف بووە کاریکاتێریستێکی هاوکاری (گەپ)، هەموو ژمارەیەک گۆشەیەکی تایبەت بەخۆی لە گۆڤارەکەدا شوێن دەست و هزر و توانای خۆی دەکردەوەو تا دەهات زێتر دەبووە کاریکاتێریست، ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بوو لەگەڵمان و دید و چاوو هزرمانی لەگەڵ کارەکانیدا ڕاهێنابوو، بەڵام بەداخەوە تەمەنی ئەو کارانەی لە گەپدا کورت بوون، چونکە دوور لە گەپ و مامەڵەی هاوڕێیانەی ئێمە لەگەڵیدا، تێکەڵ بە ژیانێکی دیکە ببوو، کەس لەو بێدەنگییەی ئەودا هیچ دەربارەی ژیانی نەدەزانی، من تەنها دەمزانی لەگەڵ برادەرانی



حیزبی دیموکراتی کورستانی ئێران پێشمەرگە بوو، دەشمانزانی لە کوردستانی ئێرانەوە هاتووە، ئیدی بەداخەوە لەبەر سەرقاڵی ژیانی تایبەتی خۆی بەرهەمەکانی لە گەپدا کەمکردەوە، تا وای لێهات بەتەواوی لێمان داپچڕا.

نیگارە کاریکاتێرییەکانی کاریگەریی شێوازو تەکنیکی کاریکاتێری فارسی پێوە دیاربوو، بەتایبەتی لە هێڵکاری ورد و بوێر بە شێوەیەکی تێکرژاو بە قەڵەمی ڕۆترینگ یاخود هەندێ جاریش قەڵەمی سۆفت و جاف، بەڵام توانیبووی لە سیماو جووڵەو بابەت و شێوازی دەرخستنی تەنز و جلوبەرگی فیگەرەکان زۆر کوردییانە بەرجەستەیان بکات، ئەو زێتر نیگاری ڕەش و سپی دەکێشا، بەڵام هەندێ جاریش بۆئەوەی بیسەلمێنێ کە ئەو جۆرە هێڵکارییە کاریکاتێرییە دەکرێ ڕەنگاو ڕەنگیش بێ، ڕەنگی دەخستە نێو کارەکانییەوە.

ڕەووف خەتیبی لە هەندێ بەرهەمیدا کاریکاتێری تێکەڵ بە هونەری هێڵکاری دەکرد، وەک ئەوەی لە شێوەکاریدا هەیە،لەنموونەی بەرهەمەکانی هونەرمەند نیک ئاهەنگ کەوسەر، هەندێ جاریش سیما و رووی فیگەرەکانی لە کاریکاتێری عەرەبییەوە نزیک دەبۆوەو شارەزایانە کوردیبوونی پاراستبوون.

ڕەووف ڕاستە کاریکاتێریستێکی تازە دەستپێکردوو بوو، بەڵام بەڕوونی لە بەرهەمکانیدا کارامەیی و داهاتووییەکی هونەرمەندانەی لێ چاوەڕوان دەکرا، بەڵام ئەویش وەک سەدان گەنجی دیکەی کوردستان بوو بە قوربانی کێشە لابەلاکانی دیکەی ژیان و مافە سەرەتاییەکانی گەنج و نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان، کە بەداخەوە زۆرێک لەوانە خۆیان دەکەنە قوربانی هەندێ شتی تایبەت کە شایەنی قوربانیدان نین.

ئەو یاخی لە ژیان و کۆمەڵ و تەمەن و هونەر سەری خۆی کز کردبوو و ڕۆچووبوویە نێو کێشمەکێشی گوزەران و نان پەیدا کردن و خۆ پێکەونان و چیانی هاوسەرگیری، ڕەووف و چەندان گەنجی هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس و نووسەر و خاوەن توانستە جیاجیاکان گەر لەم وڵاتەی خۆماندا بایەخیان پێ بدرێت و نەخزێنە ژێر هەندێ بیرکردنەوەی هەڵە، بە دڵنیاییەوە داهاتووی ژیاریی و شارستانیی وڵاتیان دەگەشاندەوەو کۆمەڵگەیەکی تەندروستتریان دروست دەکرد، داخ بۆ کۆچی ناوادەی ڕەووف خەتیبی، مخابن بۆ کوژانەوەی مۆمی تەمەنی کاریکاتێریستێکی دەگمەنی نیشتمان.

**سەبووری بۆ خانەوەداو هاوڕێکانی**





ڕەوف حەسەن
rauf1945@yahoo.co.uk
Tel: 0770 153 63 97

# زیندانیی.. پێش زایین!

سالێ بەو عەیام، لەسەر جگەرەکێشانی ئاشکرا لە ڕۆژی عارفەی پێش جەژنی ڕەمەزاندا لە عەسرەوە تا بەربانگ تەوقیفکرا، هێندە چاپووک بوو، نەیهێشت ئەو دوو سەعاتەی نێو تەوقیفخانەی بەفیرۆ بڕوات. خێرا نامەیێکی بۆ دایکو باوکی نارد. تا خەم نەخۆنو نەکەونە سۆراخی. لە دامێنی نامەکەشەوە نووسیبووی (کوڕی زیندانیتان..فلانی کوڕی فیسار).

لەم سالانەی دواییدا بیستبووی مووچەیێکی مۆلی پێنجسەد هەزار دیناری بۆ زیندانییێکانی سەردەمی پێشوو دەبڕدرێتەوە. یێکسەر پێی لە دایکو باوکی کردە کەوشو هەڵپیێچان، ئیللاو بیللا هەر دەبێت ئەو نامەیە بدۆزنەوە. تا وەک دۆکۆمێنت بۆ ئەو مەبەستە بەکاری بێنێت. قابیلە چی لەو عالەمە کەمترە؟

دایکی بە واقوڕماوییێوە وتی: کوڕی شیرینم! وەرە بابزانم تات لێنەهاتووە! قاقەزی چیو ماقەزی چی؟ بۆ عەقدی نیکاحەکەی منو باوکتمان ماوە، تا قاقەزەشڕی بیست سالَ لەمەوبەری تۆ بمێنێ؟

وتی: دایکە گیان! ئەوە ژنەکەی دراوسێمان پێرار لە سویدەوە بەسواری پاسکیلیش هاتەوەو، بە نیو سەعات هەویەی کەمئەندامی بە دەرەجەی ١٠٠٪ی بۆ کراو، سالێ جارێک سەردەداتەوەو مووچەیێکی دوانگزە مەعاشی بەسەر یێکەوە وەردەگرێتو لەمنو تۆیش ساغترە!

ئەوەش عەزەی کافێخان ٨سالْ دوای ڕاپەڕین لەداییکبووە، بەهۆی مەسئوولێکەوە سالێ لەدایکبوونی لە ١٩٩٩وە بۆ کراوە بە ١٩٦٩، تۆزێکی نۆ لای چەناگەی (٩)کەیان بۆ کڕاندووەو بۆتە (٦)و، ئەوراقی پێشمەرگایەتیو شەهیدبوونیشی بۆ کراوەو، مانگانە لەگەڵ دایکو باوکیدا دەچنو بە سەفتە ٢٥هەزار دیناریی وەردەگرن!

-کوڕم بەخوا من لەم چەناگە کڕانندنەوەیە حالێ نابم!

- خۆ لەمەیان حالێ دەبیت. ئەمڕۆ کابراییێک لە تەلەڤزیۆنی چایخانەکەوە باسی ئەوەی دەکرد چۆن ئەم ڕۆژگارەی بۆ ئێمە خولقاند! لەپڕ یێکێک هەستاو هاواریکرد: بەشەرەفم خۆیەتی، هەموو خەڵکەکە حەپەسان. بە برادەرەکەی وت: نایناسیتەوە؟ برادەرەکەی بەدەم دیژلەمە هەڵقوڕاندنەوە دیقەتی دا: بەریۆەڵڵا خۆیەتی،. خۆی بوو! خەبەری لە هەردوکمان دابوو! ئێی.. سالێکی ڕەبەق لەژێر تەعزیبدا بووینو لەگەڵیدا ڕووبەڕوو دەکراینەوە، ئیعتیرافمان نەکرد. دوایی بە تۆمەتی ئیخباریدانی درۆ ئەویان گرتو ئێمەیان بەردا. ئەشهەدو هەموو شتەکانی ئەو ڕاستن: ئیخبارییەکەی ئەو ڕاستبوو، ئێمە حاشامان لێکرد. زیندانیکردنو تێهەڵدانیشی ڕاستبوو، بێگومان ڕاستیشدەکات ئەم ڕۆژگارەیش هەر ئەو بۆی دروستکردووین.

دایکە! شەقمبرد.. دەی کوا قاقەزەکەی لە زیندانەوە بۆمناردن.. کوانێ؟!

-ئاخر کوڕم تۆ لەسەر سیاسەت نەگیرابووی.

- دایکە! ئاسانە. خەمت نەبێ، دوو شایەت دەبەمو دوو سەعاتەکەش دەکەمە دووسالْ..

من لێرەدا وەلەو لە قسەی خێر زێتر هیچ پێوەندیم بەو کێشانەوە نییە، بەڵام بەڕاستی مافی خۆیەتیو، ئامادەشم شایەتیی بۆبدەم. بەڵام بە دوو مەرج:

یێکەم: لە تەلەڤزیۆندا، لەبری ئەو درامایانەی لە حکایەتی مێش دەچنو لە مانگی ڕەمەزاندا پەخشدەکرێنو، هەرگیز تەواونابن، با ئەم برادەرە بەدرێژی باسی زیندانیکردنە دوو سەعاتییەکەیمان بۆ بکات، تا بزانین چۆن ئەم ڕۆژگارەی وا بەئاسانی بۆ دروستکردووین.

دووەمیش: پێمباشە بۆ حورمەتی مانگو جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزییش، با ڕۆژی گرتنی ئەو برادەرە لەبری مێژووی (پێش زایینو دوای زایینی حەزرەتی عیسا)، بەکاربهێنرێت! بۆئەوەی بۆمان ڕوونبێتەوە، ئاخۆ ئەو منداڵە شەهیدە چەند سالْ بەر لە زیندانیکرنی برای جگەرەکێشمان شەهید کرابوو، یاخود چەند چرکە دوای ئەو ڕووداوە مێژووییە مەزنە بوو؟!

GEP
Karikatur Magazeen
No:115 25th August 2010
www.gep-media.com
Axectiv Editor: Muhammad Qadir
yahoo.com@sardamm۲۰۰۳

## باقی وەسەلام



ڕێبوار ئدریس
rebwaridris@yahoo.com

# بۆ یەکەمجار لە دنیادا ..
# پێشانگای عێراقی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی

خوێنەران و بیسەران و بینەران و گوێگران و تەماشاکەران و خوێندەوارانی دنیا، ئاگادار ئەکەینەوە، کە بۆ یەکەمجارە لە مێژوودا پێشانگای لەم نەوعەی ئێراق دەکرێتەوە بە ئەنواع مواسەفاتی عەجیب و ئەنواع عەلاماتی ئاخر زەمانەوە .

وەک:

- هەرچی بلێی لە کەرەستەی مەمنووعی وڵاتانی دراوسێ کە لای خۆیان بە هەر کەسێکی بگرن شتێکی لێ دەکەن، لەم پێشانگایەدا هەیەو ئەلحەق زۆریشە.
- هەرچی چەکو ئەسلەحەی شەرق و غەربی تاقی نەکراوە هەیە، لێرە بەتاقیکردنەوەوە دەیفرۆشن.
- ئەم پیشانگایە فوول فوول بووە لە، عەبای سووری و نیقابی سعودی و مانتۆی ئێرانی و هیچیشیان لەرووی شەرعیەوە ئیعتراف بەوی تر ناکات.
- لەم پیشانگایەدا شتە قەڵبە باشەکانی دراوسێ خاسەکان بە هەرزانترین سیعری ئەجردانەوە دەست دەکەون.
- پڕە لە ئەشیای تەقەمەنی یاری منداڵانە بەگوللەوە، هەتا منداڵانی عێراقی وەک جیلێکی گوێرایەڵی موستەقبەل فێری موتیعی ببن .
- ئەم مەعرەزە فوولە لە ماچی درۆو تەوقەی ناعیلاجی و ئیتفاقی پەشیمانی و زەردەخەنەی بە رقەوە، هەمووشیان بە قیستی ماوەی بەینی دوو ئینتیخابات دەدرێن.
- شەو و رۆژ کراوەتەوەو لەیل و نەهاری بۆ نییە و لە عوتلەکانیشدا هەر مەفتوحە، کەی بتەوێت دەتوانی بچیە ژوورەوەو بە ئارەزویی خۆشت لێی دەربچیت.
- هیچ شتێکی ئەم پیشانگایە ئێکسپایەر نابێت، چونکە نە کاتی درووست بوونی لێ نووسراوەو نەکاتی بەسەرچوونیشی، لەبەر ئەوەی دەزانن کڕیارەکانی ئیمانیان بە زەمەن نییە هەموو کاتێکیان هەر لەلا زووە.
- باشترین جۆری سوێندخواردن و چاکترین نەوعی موئامەرەی تێدا دانراوە، بەڵام تەنها کوتلەکان بۆیان هەیە بیکڕن و شمولی عەوام ناکات.
- لەم پیشانگایەدا باشترین ئامێری درووست کردنی علاقاتی نهێنی و ژێربەژێر بە باشترین مۆدێلی کەس هەقی نەبێت بەسەرمەوە دانراوە .
- لەم مەعرەزە پان و بەرینەدا یەک بست نییە بۆ تەبایی و ئاوو کارەباو جادە و یەک قەترە نییە بۆ لێکحاڵی بوون و بەیەک گەیشتن و بە میکرۆسکۆب و زەرەبین بگەرێی تۆزێ لێبوردنی تیا نادۆزیەوە، دەی بارەکەڵا.




کاریکاتێر
سەردار کێستەیی
بێ توانج